# نامەیەکی م. عەبدوڵڵا حەسەن زادە بۆ غەریب پشدەری

**ئا: غەریب پشدەری**

**دۆستی هەرگیز لەبیر نەکراوم مامۆستا غەریب**
**سڵاوێکی خۆمانە لەگەڵ دنیایەک تاسەی دیدار**

نازانم بۆچی ماوەیەکە بە جارێک زاری گورگیت لێ بەستووم و بەقەزا و قەدەرت سپاردووم، کورە ئەتۆش من لەبیر خۆت بەریەوە: ئەمن هەر ئەوەی جارانم و هەمیشە تامەزرۆی دیداری یارانم. بە هەرحاڵ هیوام وایە باش بی و ساغی و سلامەتییەکەت بۆ من بەسە. جارێ سڵاوێکی برایانە بە براژن و یەکی مامانە بە برازاکانم بگەیەنە، جا دێمە سەر مەبەستی ئەم نووسینە.

لە ژمـــارە (٢٤٣٠/٤٥)ی «برایەتی» - «ئەدەب و هونەر»دا چاوم بە «وەرزی زەرد» و ناوی «غـــەریب پشدەری» کەوت، بەڕاستی شاگەشکە بووم. گوتم هەر نەبێ لە ڕێگای ڕۆژنامەوە با دیدارێک نوێ بکەمەوە و چێژێک لە هەستە ناسکەکەی «غەریب» وەرگرم، بەڵام لێت ناشارمەوە کە لە خوێندنەوەی شیعرەکە بوومەوە، قەڵس بووم. خەیاڵ هەروا ناسکە و تەعبیر هەروا جوانە، بەڵام لە هێندێ شیعردا کێش خەراپ تێک چووە. گوتم ئەوە کێ وای لە شیعری غەریبەکەم کردووە، چما ئەمن مردووم کە خەڵکی شیعری غەریبەکەم بشێوێنن. پێم لێ هەڵێنا و گوتم هەق بە کەس نادەم (تەنانەت بە غـەریب پشدەری)یش شیعری غەریبی من بشێوێنی، بۆیە دەستم دایە قـەڵەم و ئەو شیـعـرانەی وەزنیـان تێک چووبوو، نووسیمنەوە و دەسکارییەکم تێدا کردن و بۆم ناردی. جا نازانم لێم توورە دەبی، یان لێم دەبووری، ئەوەندە هەیە لێشم دەی دەنگ ناکەم و نێوچاوان تێک نانێم، بەڵام قسەی خۆم هەر دەکەم.

جا ئەوە شیعرە دەسکاری کراوەکە لەگەڵ ئەم نامەیە دەنێرم و کورد گوتەنی: «کەمی من و کەرەمی تۆ».

«هەرخۆش بی» بۆ برای بچووکت عـەبدوڵڵا حـەسـەن زادە

٧٦/٧/١٣ (٥/١٠/١٩٩٧)

غەریب گیان:

دەزانم کارەکەم زۆری شووڵ لێ هەڵکێشان پێوە دیارە، بەڵام ڕەنگە خەتای خۆت بی کە زۆرت ڕوو داومێ، جا بۆ ئەوەی دڵنیـــابم، لێم قـــەڵس نەبووی زۆر حـەز دەکـەم جەوابی نامەکەم بدەیەوە.

